# بەرەو ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان



عەبدوڵلا ئاگرین

لە کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست یەکدا، گۆڕانکاری خێرا و گرنگ ڕوویانداو، ئەمە نەک تەنیا نەخشەی جوگرافیای جیهانی گۆڕیووە و شۆڕشێکی مەزنی زانستی لە بواری تەکنەلۆژیادا بەرپاکرد، بەڵکو ئاسۆی هزر و جۆری بیرکردنەوەشی لای دەستەڵاتدارانی سیستە جیاجیاکانی و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا گۆڕی!

ئەوەی تا دوێنێ، لەلایەن هەندێک ڕژێمی ناوچەیی و دەوڵەتە گەورەکانەوە بە ئاگر و ئاسن و کیمیا باران وەڵام دەدرانەوە، ئێستا بە حوکمی واقیعی نوێ پێشوازی لە داخوازی و مافی جەماوەر دەکرێت و لای دەوڵەتە مەزن و خاوەن بڕیارەکان، بۆتە دروشمی سەرەکی و ستراتیژی خۆیان و بە فەرمی بانگێشتەی بۆ دەکەن! ئەمە جگە لە کەسانی بیر تەسک و لایەنی کۆنەویست و ڕژێمی ڕەگەز پەرست و زاڵم نەبێت، خۆ ئێستا ئێمە لە سەردەمی دنیای ئازاد و عەولەمە و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤدا دەژین، ئەوەی جێی دڵخۆشی و هیوایەکی گەشە، نەک ئێستا بەڵکو لە گرێی دووەمی سەدەی بیستەمەوە، ئەو میللەتانەی مافیان خوراوە و ئازادی و سەربەخۆییان پێشێلکراوە لە سایەی هەڵوێست و خوێندنەوەی سەردەمانە و بۆچوونی فەلسەفەی سیاسیان ڕووە و بە دیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانیان، هەنگاویاننا‌وە، میللەتان هەن، لە پێناو ئازادی گەل و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، هیچ پەناشیان بۆ خەباتی چەکداری و شۆڕش و خوێن بەخشین نەبردووە، بەڵکو هوشیارانە لە ڕێگای پەیداکردنی دۆست و دروستکردنی پردی متمانە و خشتەی ڕووی، مسۆگەرکردنی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری هاوبەش، بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان شادبوون، لە نموونەی دامەزراندنی حکوومەتە عەرەبییەکانی سەرەتای سەدەی بیست و هێنانی شا عەبدوڵلا بۆ ئوردن و مەلیک فەیسەڵی یەکەم بۆ عێراق، داخ لەسەروبەندی کۆتایی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی زەمینەی سیاسی نیو دەوڵەتی و بارودۆخی خودی و بابەتی سازنەبوون، کورد ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسا، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێنێت، بەڵکو کۆماری کوردستانیشی لە مەهاباد لەدەستچوو ڕاستە کورد و سەرکردایەتی کورد هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆریان لەو پێناوەدا، داوە و قوربانیشیان بەسەر و سامانیانداوە وەلێ تا هەنوکە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، لەسەر ئاستی خەبات و سیاسەتی ناوخۆی جەماوەری کوردستان و ناوچەیی و نێودەوڵەتی کون و کەلێنی تێدایە و نەمانتوانیووە بە عەقڵێکی کراوەی سەردەمانەوە و بە جیدی و جورئەتەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، ئەگەرچی ئاستی هوشیاری نەتەوەیی وسیاسی جەماوەری کوردستان بە ڕێژەیەکی بڵند خواست و پرۆسەکانی خۆیان خستۆتە ڕوو، بەڵگەش لە هەڵبژاردنی «٢٠٠٥/١٢/٢٧» دا لە هەڵوێستی ڕێفراندۆمێکی ئازاد دا ڕەئی خۆیان دەربڕی و پێموایە لە «٩٠٪» زیاتر دەنگیان بۆ سەر بەخۆی و ئازادی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوریدا.

من کە ئەو ڕاستییە دووپات ئەکەمەوە و دەیخەمە بەردەم تەرازووی بیری و ورد و لێکدانەوەی عەقڵانییەتی هزری سەرکردەو ڕۆشنبیرانی کورد، مەبەستم بەراوردێکی بیرمەندانەیە لەگەڵ هەمان میللەتێکی دی وەک دانیشتوانی هەرێمی کۆسۆڤۆدا، کە دوو ملیۆن کەسن و بە ڕەگەز ئەڵبانین زیاد لە شەشساڵیشە هەرێمەکەیان لەلایەن هێزی نێو دەوڵەتییەوە لە پەلامار و هێرشی سربییەکان دەپارێزرێت، هەر وەک چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دیکتاتۆری سەدام وەک ناوچەیەکی ئارام لەلایەن ئەمەریکا و بەریتانیاوە پارێزرابوو وەلێ چونکە دەستەڵات و دانیشتوانی هەرێمی کۆسۆڤۆ مکووڕی خۆیان لەسەر مافی چارەی خۆ نووسینی خۆیان داگرتووە، کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و ئەمەریکا و دەوڵەتانی بازاری یەکێتی ئەوروپاش پشتیوانی لە داخوازی سەربەخۆیان دەکەن ڕێز لە ئیرادەی دەڤەری کۆسۆڤۆ دەگرن، بەپێچەوانەی کوردەوە، کە خۆی بە مافی نیوە چڵی وەک فیدراڵییەوە هەڵواسیوە . . . . دانیشتووانی هەرێمی کۆسۆڤۆ داوا دەکەن بە حکوومەتی سەربەخۆ کەیاندا بنێن، ئەگەر چی سربییەکان بە ئاشکرا و بەو پەڕی توانایانەوە بەر بەرەکانی توند و، هەڵوێستی دڕاندانەو نامرۆڤانە، بەرانبەر مافی دانیشتوان و سەربەخۆی تەواوی هەرێمی کۆسۆڤۆ ئەنوێنن.

ئێستاش لە ئەنجامی سووربوون و هەڵوێستی ستراتیژییانەی سەرکردەکانی کۆسۆڤۆ لە داننان بە مافی تەواو و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کۆسۆڤۆ، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دەوڵەتە مەزن و خاوەن بڕیاری سیاسی جیهانی، بەتایبەت ئەمەریکای لەبەردەم ئەمری واقیعدا داناوە... ئەوەتا لە زمان یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا «نیکۆلاس بێرنزی»ی بەرپرسی کاروباری سیاسی، بانگهێشت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کۆسۆڤۆ دەکات، دەڵێت:

هەرێمی کۆسۆڤۆ زیاد لەشەش ساڵە لەلایەن هێزی نێودەوڵەتییەوە پارێزگاری لێئەکرێت، داوا ئەکات چارەسەری کێشەکەیان بکرێت، نیکۆلاس بێرنزی بەوە وە ناوەستێ وئەو شایەتییە دەدات، زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کۆسۆڤۆ داوا دەکەن مافی چارەسەری خۆ نووسینی خۆیان ، خۆیان دیاری بکەن.

ئەو هەڵوێستەی ئەمەریکا ، دەیسەلمێنێت، سیستەمی نوێی مافی ڕەوای خۆیان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان دەکەن.

ئێستاش سەرکردایەتی سیاسی کورد، بەتایبەت سەرۆک «مسعود بارزانی» لە ئاستێکی بەرزی هوشیاری نەتەوەیی و سیاسیدایە و ئەرکی سەرشانی هەمووانە، پشتگیری خەباتی سیاسی کورد بکەین و بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ئاراستەی بکەین و تەنیا چاومان لە بەغدا نەبێت و چارەی کێشەی بە دیهێنانی مافی تەواوی کورد لای جەماوەری کوردستانە و نابێت چاوەڕوانی ئەوەش بکەین دەوڵەتە خاوەن بڕیارەکانی دنیا ، ماف بەسەر هیچ نەتەویەکدا دەبەخشنەوە، سووربونیشمان لەسەر ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان چارەی هەموو کێشە ورد و درشتەکانمان بۆ دەکات و هۆکارێکی گرنگیشە بۆ ئاشتی و تەبایی و ئارامی ناوچەکە. ئەگەر چی هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە بەردەوامەو لە هەر چوار لاوە گیرگرفت و کێشەمان بۆ دەنێنەوە.